مه هاباد قه ره داغی

# مافه كانی ژنان و ئه ركه كانی حكومه تی كوردستان

## ڕامانێك له بزوتنه وه ی فێمینیستی كوردستان و،
## به دواداچوونێكی خێرای "داخوازینامه ی ژنی كورد"

### پێشه‌كییه‌كی پێویست:

له 2004/7/12 دا له تەلاری پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر کۆنفرانسی (داخوازینامەی ژنی کورد) ، کە لە ژێر دروشمی هەڵبژاردەی " دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بێ بەشداری ئافرەت مەحاڵە"، بە سەرپەرشتی وەزارەتەکانی ماف مرۆڤ، بەڕێوەچوو.

داخوازییەکانی ژنی کورد بریتی بوون لە نۆ خاڵی سەرەکی کە بە شێوەیەکی یاسایی داڕێژرابوون و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی وەکو جاڕی گەردوونی ماف مرۆڤ و، بەڵێننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنانی کردبوو بە بنەما، بە شێوەیەکی فەرمی پێشکەش بە سەرۆکی حکومەت و، پەرلەمانی کوردستان کرا و، لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە پێشکەش بە ڕای گشتی کوردستان کرا.[1] بەرپرسانی حکومەت و بە تایبەتی سەرۆکی حکومەت و نوێنەرانی پەرلەمان پێشوازییان لە داخوازینامەی ژنی کورد کرد و، بەڵێنیان دا ئەو داخوازیانە ڕەچاو بکەن و ئەوەی پێویست بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو داخوازیانە بەئەنجامی بگەیەنن. ئەگەر ئەو پرۆژەیە لە چەند وشەیەکدا پێناسە بکەم، دەکرێ بڵێم داخوازینامەی ژنی کورد هەوڵێک بوو بۆ کەناڵیزەکردنی بزووتنەوەی ژنی کورد و بە دوکومێنتکردنی داخوازیەکانی.

### ئامانجی داخوازینامەی ژنی کورد و ئامانجی ئەم بابەتە:

وەک پرنسیپێکی نووسین، هەموو بابەتێک ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی تێدایە. وەک پرنسیپی خەباتکردن لە بواری پرسی ژنانیشدا ئامانج کۆڵەکەی تێکۆشانە.

داخوازینامەیەک تا سەر لاپەڕەیە تیۆرییە، بەڵام تیۆرییەک نییە لە پێناوی مانەوەی لە بۆتەی تیۆریدا، بەڵکە لەو تیۆرییەدا ئامانجەکان بەرجەستەن و، بەدیهێنانی ئامانجەکان مەبەستن. بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانەش میکانیزمی هەمەجۆر و هاوچەرخ پێویستن و، بە بێ بەرنامە و پرۆژەی کۆنکرێتی ژنان خۆیان و، بە بێ هاوکاری ناوەندەکانی بڕیار، ئاسان نییە بێتە دی.

---

[1] بۆ بینینی دەقی داخوازینامەی ژنی کورد و ڕاپۆرتێک لەسەر هەردوو کۆنفرانسی لەندەن و هەولێر کە بۆ ڕاگەیاندنی داخوازینامەی ژنی کورد سازکران، بڕوانە ماڵپەڕی ژننامە: www.jinname.org

داخوازینامەیەکی بەرجەستە بۆ مافەکانی ژنان، وەک تیۆری ئامرازێکی هاوچەرخە بۆ خەباتی ژنان، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرییە ئامانجە، نەک خودی داخوازینامە.
پێشکەشکردنی داخوازینامەیەک بە لایەنی دەسەڵاتدار لە هەر وڵاتێکدا هەنگاوی یەکەمە بە نیازی پراکتیزەکردنی، بەڵام ئەم هەنگاوە ئەگەر هەنگاوی تری بەدوادا نەیەت و لایەنی خوازیار بەدوای ئەو داخوازیانەدا نەچێت و لێی نەپرسێتەوە، لایەنی لێخوازراو ڕەنگە وەک پێویست ئەرکی خۆی ئەنجام نەدات.

لە پرسی "داخوازینامەی ژنی کورد" دا کە دوو مانگ پێش ئێستا پێشکەش بە سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کراوە دوو لایەن  و یەک پرۆژەی گشتی هەیە:
لایەنی داواکار: ژنانی کوردستانن. چونکە هەموو داخوازییەکان لە بەرژەوەندی ژنانی کوردستانن و لە بەدیهێنانیاندا مافەکانیان دەستەبەر دەبێت. واتە ژنانی کوردستان خۆبەخۆ بە گشتی دەبن بە خاوەنی پرۆژەکە.
پرۆژەی داواکراو: داخوازینامەی مافەکانی ژنی کوردە، کە لە شێوەی بەڵگەنامەیەکی یاسایی دا داواکانی ژنانی بۆ یەکسانی، دادپەروەری ، دادسەروەری و دیموکراسی، داڕشتووە.
لایەنی داوالێکراو: حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانە. چونکە ئەو دەزگایانە بەڕێوەبەری فەرمی وڵات و کۆمەڵگەن، داخوازییەکانی هاوڵاتیانیان ئاراستە دەکرێت و ئەرکی ئەوانە ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەن.

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خەباتی ژنان سەرەتایەکی هەیە و ئەو دەستپێکەش لە لایەن چەند کەسێک یان چەند گروپێکی ژنانەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە و، ئەوان خۆبەخشانە ڕۆڵی پارێزەری مافەکانی ژنانیان وەئەستۆی خۆیان گرتووە و، داخوازییەکانی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیەیان فۆرمۆڵە کردووە و، چالاکانە بەدوایدا چوون. بەڵام لە ئاکامدا بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی ئەوان خەباتیان بۆ کردووە بووەتە دەستکەوتی گەورە بۆ هەموو ژنانی ئەو وڵاتە و، بۆتە بنەمای گەشەسەندنی ژێرخان و سەرخانی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێکیشدا داواکان ئاراستەی ناوەندەکانی بڕیاڕدان دەکرێن، واتە حکومەت و
پەرلەمان وەک دوو ناوەندی فەرمی و یاسایی کە دەسەڵاتی بڕیاڕدانیان هەیە دەبنە لایەنی داوالێکراو، لایەنی داواکار ئەو کەس و گروپ و ڕێکخراوانەن کە بۆ گۆڕانکاری پێویست لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە داخوازیەکانیان دەکەن بە پرۆژە و پێشکەشی دەکەن.

بۆیە ئەرکی بەدواداچوونی داخوازینامەی ژنی کورد پێوستە تەنها نەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی کە پێشکەشیان کردووە بە ناوەندەکانی دەسەلات، بەڵکە بکەوێتە سەر هەموو ئەو کەسایەتی و گروپ و ڕێکخراوانەی کە وەک پرنسیپ خەبات بۆ یەکسانی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی ژن و کۆمەڵگەی مەدەنی، دەکەن. چوونکە لە ئاکامدا ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی گشتی

کۆمەڵگەدایەو، وەک مافێکی گشتیش هەموو مرۆڤێکی کۆمەڵگەی کورد بۆی هەیە لەو پرسانە بکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە و، بە دوای ئەو داخوازییانەدا بچێت کە بەدیهێنانی دەبێتە دەستکەوت بۆ کۆمەڵکە نەک بۆ تاکەکەس. ئامانجە سەرەکییەکانی من لەم بابەتەدا و لە پەیوەندی بە پرسی ژنەوە، کە دەبن بە سترکتوری گشتی ئەم نووسینەش، بریتیین لە:

**یەکەم:** بەدواداچوونی داخوازینامەی ژنی کورد. بەڵام وەک ژنێکی کورد و وەک نووسەرێک و داکۆکیکارێکی مافەکانی ژنان ئەم ڕۆڵە بە ئەرکی خۆم دەزانم، نەک وەک کەسێک لەو سێ کەسەی کە پرۆژەکەیان پێشکەش کرد. چونکە وەک وتم پرۆژەکە هی کۆمەڵگەی کوردە بە گشتی و لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کورددایە و، هی ژنانی کوردستانە بە تایبەتی و، لە بەرژەوەندی هەموو ئەو ژنانەیە کە کوردستان نیشتمانیانە.

**دووەم:** بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەت و پەرلەمان لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بە ژنانی کوردستانی داوە. بۆ ئەوەی بزانین حکومەت دوو مانگ دوای ئەو بەڵێنانە چی بۆ ژنی کورد کردووە و بە نیازە چی بکات. لە ڕووی هەست کردن بە بەرپرسیارێتییەوە بەرامبەر بە پرسی ژن لە وڵاتەکەمدا، بە ئەرکی خۆمی دەزانم هەر چەند مانگ جارێ لە ڕەوشی ژنانی کوردستان بکۆڵمەوە و چاودێری گەشەسەندنی دۆخەکان بکەم و، لە کەموکورییەکان وەدەنگ بێم و ئەو ئەرکانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن وەبیری حکومەت و پەرلەمانی بهێنمەوە.

**سێیەم:** وروژاندنی هەندێ پرسیاری پێویست سەبارەت بە هەڵوێست و ئەرک و مافەکانی ژنانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی ژنان و هەڵوێست و ئەرک و مافەکانی حکومەتی کوردستان.

**چوارەم:** هەندێک پێشنیاری کۆنکرێت کە لە پراکتیزەکردنی داخوازییەکاندا ڕۆڵ دەبینن، پێشکەش بکەم، بە نیازی ڕێنومایی لایەنی داوالێکراو و نیشاندانی میکانیزمەکانی وەگەڕخستنی پرۆژەکانی ژنان.[2]

**چوارەم:** لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە داوا لە ڕای گشتی، لە ڕووناکبیرانی کوردستان، لە ڕێکخراوەکانی ژنان، لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بکەم، کە ڕۆڵی لایەنی داواکار ببینن و لەو ڕووەوە **فشارێکی پۆزەتیڤ**، بە **زمانێکی مۆدێرن** و **بە ئامرازی خەباتی هاوچەرخ**، بخەنە سەر بەرپرسان، ئەگەر وەک پێویست وەڵامی داخوازییەکانی ژنانیان نەدایەوە.

مەبەستم لە **فشاری پۆزەتیڤ** میتودێکی نوێ و مەدەنییانەی ڕەخنەگرتنە لە دامودەزگای دەسەڵات. بە بۆچوونی من بە تایبەتی ئەو مرۆڤانەی کە خەبات بۆ دیموکراسی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەری و هتد دەکەن، پێویستیان بە زمانێکی نوێ و مەدەنییە بۆ

[2] ئەو پێشنیار و ڕێنومایییانەش نەک هەڕەمەکی بێ بەرنامەن، بەڵکە بەرەنجامی ڕامانی قووڵ و لێکۆڵینەوەکانی منن وەک پسپۆڕێکی بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسی کۆمەڵایەتی .

ئاخاوتن و ڕەخنەگرتن. لەوە ئاسانتر نییە گەلەکۆمەیەک لە حکومەت و بەرپرسان بکرێت و لەسەر ڕووی ڕۆژنامە کاغەزین و ئەلەکترۆنییەکاندا سەدان جنێوی مزریان پێ بدرێت لەسەر کەموکوڕییەکانیان، وەلێ ئەوە زمانێکی سەربازییە و میراتی کلتووری زاڵی باوکسالارییە. بە پێی هەندێ تیۆری دەروونیش زەبروزەنگ خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. کەواتە ڕەخنەی سەربازی ئەنجامێکی نێگەتیڤی هەیە و دیارە مرۆڤی ڕووناکبیر بۆ ئەوە ڕەخنەناگرێ کە ڕەوشەکان خراپتر بکات و زیان ببەخشێت، بەڵکە بۆ ئەوەیەتی کە ژیان جوانتر و دادپەروەرانەتر بەرێوە بچێت.

مەبەستم لە ئامرازی هاوچەرخ بۆ خەبات ئەوەیە کە دنیای نوێ تا دێ زیاتر و زیاتر پسپۆڕێتی دەکاتە مەرج بۆ شایستەیی، لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا پێویستە ئەم پێوەرە برەوی هەبێت، نەک هەرکەسێ بۆی هەبێ هەرچییەک بەدەمیدا هات بە بێ بەڵگەدارکردنی بە ناوی ئازادییەوە بیڵێ یان بینووسێ و پێشێلی ئازادی ئەویدی بکات. لە حاڵەتی دووەمدا جگە لە پاشاگەردانی ئەنجامێکی پەسەندکراوی نابێت و، تەنها وزەی مرۆڤەکان بە فیڕۆدەچن.

## مافەکانی ژنان / ئەرکەکانی حکومەت

## ئەرکەکانی ژنان / مافەکانی حکومەت

هاوکێشەیەکی هەرە سادە و زێدە ناسراو کە لە بنەڕەتدا بەرەنجامی تیۆرییەکی بناغەییە لە زانستی ئابووریدا، بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە زانستی سیاسەتیشدا برەوداره، هاوکێشەی ئەرک و مافە.

لە شیکردنەوەیەکی سادە و سەرەتاییدا؛ بە پێی ئەم هاوکێشەیە، بۆ ئەوەی ماف بەدەست بهێنی دەبێت ئەرک بکێشی، تا ئەرک زیاتر بکێشی مافی زیاترت دەست دەکەوێت. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا. ئەگەر ئەم پەیوەندییە پێچەوانە بووەوە، یاساکە دەشێوێ و، هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت.

لەو کۆمەڵگانەدا کە ژنان ئەرکی زۆر دەکێشن و مافیان کەمە یان مافیان نییە، لاسەنگییەکی ترسناک هاوکێشەی هەموو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەی شێواندووە. کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی نموونەی ئەو کۆمەڵگانەن کە زۆرینەی ژنان ئەرکی زۆر دەکێشن، بەڵام ئەو ئەرکانە لە ئەتمۆسفێری تایبەتی و ناو ماڵەکاندان و وەک ئەرکی لاوەکی و بێبایەخ چاویان لێ کراوە. لە کەشی گشتی دا ژنان ئەگەر دەریش بکەون، سنووردار دەکرێنەوە و ئاراستە دەکرێن و بەرژەوەندییەکانی ژنانیان لە بیر دەبەنەوە.

کۆمەڵگەی ئێمەش، لەو کۆمەڵگە نەریتییانەیە کە مەخابن لە هاوکێشەی ئەرک و مافدا لاسەنگی هێناوە و، هاوسەنگکردنەوەی ئەم هاوکێشەیەش ئەرکێکی گشتییە نەک تایبەتی. مەبەستی ڕاستەوخۆی من لە "ئەرکی گشتی" ئەوەیە کە هەرەوەزییەکی لەخۆبوردووانەی ڕووناکبیران، ڕێکخراوەکان، گرووپ و کەسایەتی مافخواز، یەکسانیخواز و ئازادیخواز پێویستە، کە بە ئامانجی هاوسەنگکردنەوەی لاسەنگەکان کار بکەن.

ژنانی کوردستان مافیان هەیە و ئەرکی حکومەتە بە یاسای دادپەروەرانە و هاوچەرخ و بە ڕێسا و ڕێنومایی مۆدێرن پاڵپشتی ئەو مافانە بێت. بۆ ئەوەی حکومەت بە شێوازێک ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت کە لە بەرژەوەندی ژندا بێت، زۆر گرنگە ژنانی کوردستان خۆیان ڕێنوێنی حکومەت بن و، بەرنامە دابڕێژن بۆ چۆنێتی و چەندێتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ژنان خۆیان بە ڕێژەیەکی کاریگەر لە ناوەندەکانی بڕیارداندا بن، بە مەرجی ئەوەی ئەو ژنانە خاوەنی ڕووانینێکی فێمینیستانە بن. مەبەست لە ڕووانینی فێمینیستانە ئەوەیە کە جیهانبینییەکیان هەبێت کە لەسەر کۆڵەکەی یەکسانیخوازی و دادپەروەری بنیاتنرابێت و، بەو ئاراستەیە کار بکەن کە ئەلتەرناتیف بێت بۆ سیستەمی باوکسالاری. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە زۆرجار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لێی دەسڵەمێنەوە و وای لێکدەدەنەوە کە دایکسالاری ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی باوکسالارییە. ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە کە ژنسالاری وەک ئەڵتەرناتیڤی پیاوسالاری ببیندرێت، ئیدی ئەو بۆچوونە هی ژن بێت یان هی پیاو. ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی باوکسالاری سیستەمێکە مرۆڤ بە جیاوازی توخم و ڕەگەز و بەندیوارییە ڕۆحی و فیکرییەکانییەوە لە ڕووی مافەوە یەکسان دەبینێت. واتە لە سیستەمی ئەڵتەرناتیڤدا پلەوپایە و نرخ و بایەخی ژن ئاسایی دەبێتەوە و لاسەنگی لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا هاوسەنگ دەکاتەوە. ئەم جیهانبینی و مرۆڤبینییەیە کە پێویستە ژنانی ناوەندی دەسەڵات هەیانبێت، تا بتوانن لە پێکهێنانی ئەو سیستەمە ئەڵتەرناتیڤەدا کارا و کاریگەر بن.

ژنانی کوردستان بەرامبەر بەو مافانەی کە داوای دەکەن کۆمەڵێ ئەرکی گرنگیان دەکەوێتە سەر شان، کە بە بۆچوونی من ئەمانەن:

یەکەم: خاوەنی وتارێکی ئازاد بن نەک شەرمن. دەنگ و داواکانی ژنان وەک خۆی و بە بێ لێدابڕان و لێداشکان بگەیەننە شوێنی مەبەست و سازشیان لەسەر نەکەن. واتە بە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات.

دووەم: بەدواداچوونی داواکان لە پێشکەشکردنەکەی گرنگترە و، تا چڕتر بەدوایدا بچن، زیاتر ئەنجام بەدەست دەهێنن. هاودەنگی ژنان لەم پەیوەندییەدا بڕیاردەرە لەوەی کە دەسەڵات داواکانی بە هەند بگرێت و کاریان تێدا بکات.

بۆ ئەوەی لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەشدا کارا بن، خەباتکارانی بواری پرسی ژن گرنگە خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتی جێگیر بن لە کەسایەتی دا و خاوەنی هەندێک هەڵوێستی جێگیر بن، بە بۆچوونی من ئەو هەڵوێست و سیفەتانە لە پێکهاتەکانی ڕەوشتی فێمینیستین و من لێرەدا گرنگترینەکانیان دەستنیشان دەکەم:

یەکەم: کارکردن بۆ مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و هاوسانی، دادپەروەری و دادسەروەری پرنسیپی سەرەکییان بێت لە ژیان و لە تێکۆشانیاندا.

دووەم: گەشبین و کۆڵنەدەر بن. لەبارودۆخی هەرە دژوار و هەرەسەختیش دا باوەڕیان بەو پرنسیپانە لەق نەبێت و کاری بۆ بکەن.

سێیەم: کەسانی ڕاشونێل (هزریار، عەقلانی) بن و، هزر ڕێنومایيان بکات بۆ هەنگاونان نەک هەست و نەست. بە بەرنامەو پلانەوە کار بکەن نەک تەنها لە ئەنجامی ڕووداوێکی کوتوپڕدا بکەونەخۆ و کاردانەوە بنوێنن.

چوارەم: کەسانی لێبوردوو، لەخۆبووردوو، سنگفراوان و بێ فیز و دانا بن. چونکە بە تایبەتی خەبات لە پرسێکی ئەوەندە ئاڵۆزی وەک پرسی ژن، مرۆڤ ڕووبەڕووی زۆر خەتەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکاتەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵگە ئێکستریم نەریتی و پیاوسالارەکاندا.

ئەو سیفەت و هەڵوێستانە بۆیە گرنگ و جێی بایەخن بۆ خەباتکارانی پرسی ژنان بە گشتی و بۆ خەباتکارانی پرسی ژن لە کوردستاندا کە من لەم بابەتەدا بە تایبەتی مەبەستمە، بە تایبەت بۆ ژنانی پێشڕەوی ئەم خەباتە، چونکە مەخابن کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی زێدەنەریتییە و، ستركتووری خێزان، کۆمەڵگە، حیزبەکان، دامودەزگاکان و حکومەت ستركتورێکی پاتریارکییە و، دەستکاریکردنی ئەو ستركتوورە و هەڵوەشاندنەوەی و بنیاتنانەوەی بە شێوازێکی مۆدێرن کە خەباتکارانی ژن خوازیارین، لە بەرژەوەندی کۆنەخوازەکاندا نین و دەشێت ژنانی پێشڕەوی ئەو خەباتە ڕووبەڕووی ئەم خەتەرانە ببنەوە:

- لە لایەن کەس و لایەن و هێزە کۆنەخوازەکانەوە بە میتودی توندوتیژی دەروونی و فیزیکی بەرهەڵستی بکرێن.
- هەوڵ بدرێ بە میتودی هاوسۆزی دەستیان پێ لە داواکانی ژن بەردەن و سازشیان لەگەڵدا بکەن.
- بە میتودی بوختان، جنێوبازی، فەتوا، سوکایەتی و ڕەخنەی ئازاردەر و تووڕەکەر بێئومێدیان بکەن و، ڕەشبینیان بکەن و هەوڵەکانیان وەک بێبایەخ و بێهودە بناسێنن.
- گەلەکۆمەیەکی هاوبەشی سەلەفییەکان، کۆنەخوازەکان و ئەو پیاوانەی کە لە دەسەڵاتدان و پێیان وایە بەو گۆڕانکارییانە جێگەیان لەق دەبێت، هاوتەریب لەگەڵ گەلەکۆمەی ڕوشنبیری ساختە، پێشکەوتنخوازی ساختە و یەکسانیخوازی ساختە، کە ئەمانیش بە میتودی ڕەخنەی داپلۆسێنەر، ڕەخنەی هیچگەرایی و ڕەخنەی ئەنارشیستی، گورز دەوەشێنن لە کەسانی خەباتکاری بواری پرسی ژن.

ژنانی خەباتکار، ئەگەر خاوەنی ئەو سیفەت و هەڵوێستانە نەبن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ناتوانن بەردەوام بن لە تێکۆشان بۆ کێشەیەک کە ئاڵۆزترین کێشەی مرۆڤایەتییە. بەردەوامیدان بە خەبات، سەرەڕای هەموو ئەو بەرهەڵستی و بەربەستانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی، کە سیستەمی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی باوکسالاری تێدا باڵادەستە، تەنها ئەو کەسانە دەیتوانن کە خەباتکردن بۆ پرسی ژن پرنسیپێکی جێگیریانە و هەموو سەختییەکانی ئەم خەباتەشیان هەر لە سەرەتاوە لەبەرچاو بووە و قبوڵیان کردووە، کە ئەمەشیان پێویستی بە سیفەتی لەخۆبووردوویی و بوێریە لە کەسایەتییاندا هەبێت، یان لە دەروونی خۆیانی بچێنن.

## بزووتنەوەی ژنان لە باشووری کوردستان:

ساڵی ڕاپەڕین،1991 هێڵێکی جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو قۆناغ بۆ گەلی کوردی بەشێکی باشووری کوردستان. من لێرەدا ئەم دوو قۆناغە بە قۆناغی خنکان و قۆناغی هەناسەدان ناوزەد دەکەم. لە قۆناغی خنکاندا گەلی کورد بە گشتی بەکۆیلەکراوی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس بوون. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە گشتی پێگەی ژن لە پاییندایە و لە دۆخێکی دژواردایە، ئەی ئەگەر کۆمەڵگەیەک وێڕای ئەوەش دەستبەسەر و خنکاو بێت و، پیاوانیشی بێدەسەڵات بکرێن چی؟! ئەمە دۆخی زێدەنائاسایی ژنانی کورد بوو لە قۆناغی خنکاندا لە پێش ڕاپەڕین، کە تایبەتمەندییەکە لە پلەی چەوساندنەوە و ستەمی زیاد دەکرد و کێشەکەی ئاڵۆزتر دەکردەوە.

ئەگەرچی هەندێ لە حیزبەکان ڕێکخراوی ژنانیان هەبووە و لەپێش ڕاپەڕینیشدا و لە قۆناغی خەباتی شاخدا ئەم ڕێکخراوانە وردەچالاکییان هەبووە، بەڵام ناکرێ دەستپێکی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانە وەک دەستپێکی بزووتنەوەیەکی ژنان ناوزەد بکەین. بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونەم بەڵگەدار بکەم، ئەم فاکتەرانە دەستنیشان دەکەم:

یەکەم: خەباتی ژنان فێمینیستانە ئاراستە نەکرابوو، واتە بەو ئاقارەی کە وەک ژن بەدوای ناسنامەی ژندا بگەڕێت. کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و پەیوەستە بە قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگەوە. ژنانی کوردیش بەشێکی پەراوێزخراوی ناو حیزبگەلێکی نەریتی گەلێکی پەراوێزخراو بوون.

دووەم: شۆڕشەکانی کورد، شۆڕشی نەتەوەیی بوون و، بەشدارانی شۆڕش تێکەڵ و پێکەڵێکی ناهاوسەنگ بوون لە کۆنەخواز و نوێخواز، لە نەخوێندەوار و خوێندەوار، لە ڕۆشنبیر و سەلەفی و هتد. گومان لەوەدا نییە کە ڕووانین بۆ ئازادی ژن لای هەر یەک لەو چین و توێژانە جیاوازە و شەپۆلی کۆنەخواز لە چاو نوێخوازدا زۆرینە بووە و ئاسان نەبووە ڕەوتی خەباتی ژنان لە دۆخی وادا ئاسایی و بە ئاسانی بەرەو پێشەوە بڕوات.

سێیەم: سەرکردەکانی کورد، سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانی باشووری کوردستان بایەخێکیان بۆ پرسی ژن نەبووە و دروستبوونی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئەو حیزبانە وەک مۆدێلێکی پارتایەتی بە پێویست زانراوە. ئەم مۆدێلەش تایبەت نییە بە نەریتی حیزب و حیزبایەتی لە کوردستاندا، بەڵکە دیاردەیەکە لە دنیاشدا پەیڕەوی کراوە و حیزبەکان ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان هەبووە، بەڵام نەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبایەتی، بەڵکە بۆ ڕاپەڕاندی ئەرکی ئاسایکردنەوەی لاسەنگییەکان و، ئیشکردن بۆ یەکسانی و هاوسانی لە کۆمەڵگەدا.

قۆناغی دوای ڕاپەڕین، قۆناغی هەناسەدانی "ئازادییەک" ئازادی کورد بوو بە گشتی. ژنانی کوردیش بەو هەناسەیە بەهرەمەند بوون، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر، هۆیەکەشی زاڵبوونی کلتووری پیاوسالاری لە کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بوو. ئەو ئازادییە ڕێژەییەی بەشێکی وڵاتی گرتەوە بوو بە سەرەتایەکی بزێو بۆ چالاکی سیاسی، کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە

کوردستاندا. بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتیش "سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان" سترکتوورێکی دا بە قەوارەی کورد و، لەوساشەوە گروپ و ڕێکخراوە حکومەتی و ناحکومەتیەکان زیاتر چالاکییەکانیان گەشەی سەند.

دەکرێ چالاکییەکانی ژنان لە دوای ڕاپەڕینەوە چ وەک تاک، چ وەک گروپ و ڕێکخراوی پیشەیی و چ وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکان وەک سەرەتایەکی بزوتنەوەی فێمینیستی کوردی دابنێین. بەڵام بزوتنەوەیەکی کەمهێز و کەم کاریگەریی، بەهۆی قەیرانی ڕووانینی فێمینیستانەوە. بە بەراورد لەگەڵ نەوەتەکاندا، لە ساڵی 2000 بە دواوە گۆڕانێکی پۆزەتیڤ بەرەو ئاراستەی ڕووانینی فێمینیستی هەست پێ دەکرێت و بزوتنەوەی ژنان لە کوردستاندا "خەریکە" ڕەنگ دەگرێت و ڕەنگ دەداتەوە.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کەمڕەنگی خەباتی فێمینیستی لە ساڵی ڕاپەڕینەوە تا ساڵی 2000 ململانێی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو حیزبی پێکهێنەری حکومەت پدک و ینک بوو. دیارە ئەو شەڕە و بارگرژییەکانی نێوان ساڵی 1995 و 2000 نەک تەنها زەبری لە خەباتی ژنان وەشاند و دەنگی ژنانی لەت کرد، بەڵکە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی خستە قەیرانەوە و باشووری کوردستانی لەت کرد. لەتبوونی ئەم بەشەی کوردستان تەنها دابەشبوونی حکومەتی لێ نەکەوتەوە، بەڵکە کاریگەری لەسەر تێکڕای دیاردە پێکهێنەرەکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە دانا. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕووبەریانە لە خەباتی ژن نەڕوانین و بە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسی لەو فاکتەرانە ورد ببینەوە کە ڕۆڵیان لە سستکردنەوەی هەنگاوی ژنان لە کوردستان دا بینیوە، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە، ناکرێ چاو لە فاکتەری شەڕی ناوخۆ، وەک کاریگەرترین گورز نەکەین، کە ئاکامی تا ئەمڕۆش ماوە و بەربەستێکە لە بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگە بە گشتی. نموونە هەرە سادە و گرنگەکانیش:

- نە یاساکانی ئیدارەی سلێمانی لە هەولێر برەویان هەیە و نە یاساکانی ئیدارەی هەولێر لە سلێمانی کاریان پێ دەکرێت. کاتێ ژنان خەبات دەکەن بۆ گۆڕینی یاسای کۆن و دانانی یاسای مەدەنی لە جێگەیان دەکەونە بەردەم ئەو ئاستەنگە گەورەیەی لە کام ئیدارە داوا بکەن؟ ئەگەر لە یەکێکیشیاندا یاسایەک گۆڕا خۆ ئەوە نابێتە یاسا بۆ هەموو کوردستان؟ ئەی ئەگەر یەکێک لەم دەڤەر یاسا شکێنی کرد و پەڕییەوە ئەو دەڤەر، خۆ یاسا نوێیەکە نایگرێتەوە و دەرباز دەبێت لە سزا؟ لەم دۆخە زۆر دژوارەدا خەباتی ژنانی کوردستانیش لەت و پەت دەبێت و هەمان کلتووری حیزبایەتی ئەمانیش هەر یەکەو گۆشەگیری دەڤەری سنووررداری خۆی دەکات و، لە ئاکامدا خەباتەکەشیان دەبێتە خەباتێکی لۆکاڵ و گشتگر نابێت. ئەگەر دەستکەوتێکیشیان هەبێت، دەستکەوتێکی لۆکاڵە و هەموو ژنانی کوردستان ناگرێتەوە.

- هەمان فاکتەر دەبێتە هۆی ئەوەی خەباتی ژنانیش کاردانەوە بێت لە ئەنجامی دیاردەیەکی ناپەسەندنی بەرامبەر، نەک کار بێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی هەلآواردن بەرامبەر بە ژنان لە کۆمەڵگەدا. کێبەرکێی حیزبایەتی بێت کە زیاتر لە بۆتەی بانگەشەدا دەمێنێتەوە، نەک پێشبڕکێی گەشەسەندن و بەدەستهێنانی ماف بۆ ژنان.
- کلتووری حیزبایەتی وای کردووە کە ئەو جێگە کەمەش کە لە ناوەندەکانی بڕیاردانددا بە ژن دراوە لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، بدرێ بەو ژنانەی کە ئەندامی گوێڕایەڵی دوو حیزبە فەرمانڕەواکەن و لە قسەی فەرماندەکانیان دەرناچن. ئەو ژنانەش نەک بەهۆی لێوەشاوەیی و تواناکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵکە لەبەر ئەوەی خوشکی، ژنی یان کچی ئەم شەهید یان ئەو بەرپرسن. لە هەموو ئەمانەش دژوارتر هەندێک لەو خانمانە خاوەنی تێڕوانینێکی باوکسالارانەن و پێگەی خۆیان لە سێبەری پیاوەکاندا تووندوتۆڵ دەبینن. نموونەی هەرە نوێی ئەم بۆچوونەش سکانداڵی زەماوەندی نەسرین بەرواریی یە لەگەڵ سەرکۆماری کاتی عێراق، کە هاوکات سەرەک خێڵیشە و بەمەوە دەبێتە خاوەنی سێ ژن. نەسرین بەرواری لە ڕووی زانستییەوە لێهاتووە، لە ڕووی سیاسیشەوە خانمێکە خۆی پێگەیاندووە و بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە لە کۆشکی سپی بەرامبەر بە سەرۆکی ئەمریکا دەپەیڤی، وەلێ ئەم خانمە بەم شوووەی کە کردی خۆی دابەزاندە ئاستی کۆیلەیەک کە موڵکی خاوەندارێکە. لە کلتووری خێڵدا ژن شتێکە لە شتەکانی پیاو، شوێنێکە وەک دۆلآب کە شەرەفی پیاوەکەی تێدا هەڵگیراوە. نەسرین خەریک بوو ببێت بە سیمبۆلێک بۆ ژنی کورد، بەلآم مەخابن بەم کردەوە(ئەنتی مرۆڤایەتی و ئەنتی فێمینیستی)یەی لە مێژووی خەباتی ژنی کورددا خاڵێکی ڕەشی تۆمار کرد و بوو بە مایەی شەرمەزاری بۆ ژنی کورد.

لەم نموونەیەی دواییدا، مەبەستمە ئەو ڕاستییە بهێنمەوە بەر چاو کە چۆنێتی نەک چەندێتی ژنان گرنگە کە لە ناو ناوەندەکانی بڕیارداندا هەبن. دەنا ژنێک کە خۆی هەڵگری نۆرمێک بێت کە ژن دەکات بە کۆیلە ناتوانێ بۆ ژن دەستکەوتێکی هەبێت، بە پێچەوانەوە لە دۆخێکی وادا ئەو ژنە دەبێتە هۆی پەرەدان بەو نۆرمە لە کۆمەڵگەدا. بە هەمان شێوەش ئەگەر پیاوانی فرەژن لە پۆستەبالآکانی حکومەتدا هەبن، ئەو نۆرمە دەبێتە بە مۆدێل و لەناو کۆمەڵگەدا پەرەدەستێنێ. ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم خەباتکارانی ژن کە بۆ نەهێشتنی ئەو نۆرمانە کار دەکەن. ((لە بەشی پێشنیارەکاندا هەندێ ڕێنومایی دەخەمە ڕوو تایبەت بەم دۆخە و پێشپێگرتنی دیاردەی شەرمەزاریهێنی وەک دۆخی نەسرین و یاوەر.))

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی دروست کار بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ژنان بکەین لە کوردستاندا، پێویستمان بە ناسینی ئەنەتۆمی کۆمەڵگەی کوردە. بێ ئەم ناسینە و بە بێ دەستنیشانکردنی ئەو ڤیرۆسانەی کە ڕێگە لە گەشەسەندنی تەندروست و ئاسایی کۆمەڵگە دەگرن، ناتوانین لە کێشەکان تێبگەین. بۆیە زۆر گرنگە لێکۆڵەر بە چاویلکەی زانست بڕوانێتە

پێکهاتەکانی جەستەی و پێکهاتەکانی هزر و دەروونی کۆمەڵگە، نەک بە چاوی هەست و، نەک بە پاڵنەرە چەپاوەکانی نەست. بە هەمان شێوەش گرنگە خوێنەر بێ لایەن لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی بخوێنێتەوە و بە چاوی هزر لێی قووڵ بێتەوە.

بۆ ئەوەی کەشێکی تەندروست بۆ خەبات بڕەخسێ، چ خەبات بۆ کورد و چ خەبات بۆ ژن، دەبێت پێش هەموو شتێک جەستەی کۆمەڵگەی کورد لە ڤیرۆسی دووبەرەکی و ململانێی حیزبایەتی پاک بکرێتەوە. هزری کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە بگۆڕدرێت کە سیستەمی بیرکردنەوەی لە ڕەهابینییەوە بەرەو ڕێژەیی بینین ببرێت. دەروونی کۆمەڵگە لە گرژییەوە بەرەو خاوبوونەوە برێت و گرێ ئاڵۆزکاوەکانی بکرێنەوە.
دیارە ئەمانەش بە تیۆری ئاسانن و لە پراکتیکدا سەختن،بەڵام مەحاڵ نین. ئەمانە کاری هەرەوەزیی پسپۆرانی هەموو بوارەکانە و لە پرۆسەیەکدا بە ئەنجام دەگات کە ساڵان دەخایەنێت و ملیۆنانی تێ دەچێت. ئەمەش ڕەوتی ئاسایی گۆڕانکارییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە.

هەن پێیان وایە پدک و ینک کە سەرچاوەی ئەو ململانێیەن کە ئەو هەموو نەهامەتییەی لێ کەوتووەتەوە،دەبێت لەناوبچن و حیزبێکی ئەڵتەرناتیڤ لە جێگەیان دروست ببێت. ئەم بۆچوونە زیاتر سەرپێییە و ڕامانێکی تێدا نییە لە ئەنەتۆمی کۆمەڵگەی کورد و کۆهزر و کۆدەروونی ئەو کۆمەڵگەیە، چونکە ئەم بۆچوونە پشتقایم نییە بە فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و کلتووری و لەم بۆچوونەدا ڕۆڵی داگیرکەرانی کوردستان لەبیر کراوە. پدک و ینک هەردووکیان لە منداڵدانی ئەو جەستەیەدا دروستبوون و دەرهاویشتەی ئەو باودۆخە نالەبارەن کە کوردستانی کرد بە کۆلۆنی و کورد بە کەمایەتی ژێردەست و، کلتوور و زمانی کورد بە نامۆ و قەدەغە و بەربەستکراو و چاندنی کلتووری بەعس لەناو هزری گشتی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. کلتووری بەعس تا ئەمڕۆش ڤیرۆسی حەشاردراوە لە کۆدەروونی کۆمەڵگەی ئێمەدا و لەناو سیستەمی پەروەردە، سیستەمی داد، سیستەمی بیرکردنەوەی گشتیدا ڕۆژانە ڕەنگ دەداتەوە.
بۆ نموونە:کە بۆ چارەسەری کێشەیەک بیر لە زەبر و زەنگ دەکەینەوە و بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە پەنا بۆ لەناوبردنی بەرامبەر دەدەین، ئەمە ڤیرۆسی شاراوەی ئەو کلتووری زەبروزەنگەیە لە توێی دەمارەکان و لەناو پێچاوپێچیەکانی دەروونندا هانی ئەو هەڵوێستەمان دەدات. کە بۆ لێدانی پیاوێک سوکایەتی بە ژنەکەی، کچەکەی، خوشک و دایکی دەکرێت، هەمان ڤیرۆسە بزێوانە ڕۆڵ دەبینێ لە بەرجەستەکردنی ئەو هەڵوێستەدا.
بۆیە گرنگ تەنها ئەوە نییە کار بۆ گۆڕینی یاسا و دانانی یاسای مۆدێرن بکەین، هێندەی ئەوەی کە پێویستە هاوکات کار بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمانە بکەین و، تەنانەت ئەگەر پێویستیشی کرد سەرلەبەر هەڵیانوەشێنینەوە و هی نوێ لە جێگەیان بنیات بنێین.

بە بۆچوونی من، بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا هێندە ڤیرۆسی نەبینراوی بەعس لە توێی پەیام و ئامانجەکانی حەشارە کە ئەوە لە دوای ئەوە مرۆڤی سەقەت بەرهەم دەهێنێ و ئەم مرۆڤانە توندوتیژی و بیرکردنەوەی ڕەها دەبێتە سیفەت و ڕەفتاریان. لەو بارودۆخەشدا سەدان حیزبی دی دروست کەن لە حیزبەکانی ئەمڕۆ باشتر بەرهەم ناهێنن کە هەموومان ڕەخنەمان لێیان هەیە. سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا بواری ئەوەی تێدا نەماوە کە کار بۆ چاکسازی بکرێت، بەڵکە ئاوەژووکردنەوەی ئەو سیستەمە بووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی. گۆڕانی بناغەیی لە سیستەمی پەروەردە سەرەتایەکیشە بۆ گۆڕینی سیستەمی بیرکردنەوە، واتە کۆهزری کۆمەڵگەش لە ڕووانینی ڕەها بۆ دیاردەکان بەرەو ڕووانینی ڕێژەیی بۆیان.

**داخوازینامەی ژنی کورد و هەڵوێستی حکومەت:**

کە داخوازینامەی ژنی کورد لە 2004/7/12 دا لە کۆنفرانسێکدا لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی هەولێر کرا[3]، بوار بۆ گفتوگۆ ڕەخسێندراو ژنانێکی چالاک لە بواری خەباتی ژن بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیار و پشتیوانی خۆیان دەربڕی. هەموو ئەو گفتوگۆیەی کە کرا ئاسایی بوون بە سەرنج و ڕەخنەکانیشەوە، بەڵام زەقترینی ئەو ڕەخنانە کە لە چەند خانمێکی (گوایە داکۆکیکار لە ژن!)ەوە بوو، ئەو ڕەخنەیە بوو لە ئێمە و پێیان وابوو"حکومەتی کوردستان زۆر کاری بۆ ژن کردووە و گوایە ئەوانەی ئێمە لە داخوازینامەی ژنی کورددا بەرجەستەمان کردووە لە کوردستاندا چارەسەر کراون و ژن ئەو کێشانەی نییە"!. ئەم هەڵوێستە هەم سەیر بوو هەم نالۆژیکی. چونکە هەر بە سەرنجدانێکی سەرپێییش لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە حسابی مرۆڤی تەواو، عاقڵ، بەڕێز و خاوەن هۆش و هەستیان بۆ نەکراوە. نموونەکانیش هاوار دەکەن:

- پیاو هەتا ئەمڕۆش بۆی هەیە هاوکات چوار ژنی هەبێت (تەنانەت دوای دەرچوونی ئەو یاسایەش کە لە سلێمانی بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە دەرکرا).
- ژن دەدرێتە بەر چەقۆ، فیشەک، بەرد، تەور و دار و بە پاساوی شۆرینەوەی شەرەفی بنەماڵەکەی دەکوژرێت (تەنانەت دوای دەرچوونی یاسای قەدەغەکردنی کوشتن بە پاساوی شەرەف، کە لە پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر دەرچوو.)
- دوو ژن (ئەگەر پلەی دکتۆراشیان بەدەست هێنابێ) لە دادگاکانی کوردستاندا یەکسانن بە یەک پیاو (ئەگەر نەخوێندەواریش بێت)، لە گەواهیدان و لەبەردەم دادگاکاندا.

---

[3] بۆ ئاگاداری گشتی، ئەم داخوازینامەیە پێش کۆنفرانسەکەش لە دیدارێکدا پێشکەش بە بەڕێز د. بەرهەم ساڵح کرا و، پشتیوانی خۆی دەربڕی بۆ ئەو پرۆژەیە . لە کاتی دیدارەکەدا د. بەرهەم هێشتا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو. د. بەرهەم بەڵێنی ئەوەشی دا کە لە کۆنفرانسی هەولێر بەشدار بێت و وتار بدا، بەڵام لە کاتی کۆنفرانسی هەولێردا ئیدی ئەو لە کوردستان نەمابوو ، دەستی بە کاری نوێی خۆی کردبوو وەک جێگری سەرۆکی وەزیرانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەوڵم دا پەیوەندی پێوە بکەم و بۆ کۆنفرانسی هەولێر بانگهێشی بکەم، بەڵام لەو کاتەدا لە عێراقیش نەبوو، بە سەفەرێکی ڕەسمی لە عەمان بوو.

- توندوتیژی لە شێوەی فیزیکی و دەروونیدا بەرامبەر بە ژن لە خێزان و لە کۆمەڵگە و لە ناو دامودەزگاکانیشدا هەن و نکۆڵیان لێ ناکرێت. هەڵاواردن لە نێوان نێر و مێ لە سەرکردایەتی حیزبەکان زیاتر دیارە وەک لە بنکردایەتییەکان.
- خۆسووتاندنی ژنان تا دێ پەرەدەستێنێ.
- ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا ڕێژەی زۆر کەمە و، ئەو ڕێژە کەمەش وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە تەنها بۆ پڕکردنەوەی چەندایەتییە و لە هەندێ دۆخدا نەک هەر سوودی نییە بەڵکە زیانی زۆر بە ژن دەگەیەنێت، وەک نموونەکەی خانمی بەرواری.

ئەم خاڵانە سەرجەمی کەموکوڕییەکان نین و تەنها مشتێکن لە خەروارێک، ئیدی نازانم چۆن هەندێک لە (بەناو) خەباتکارانی مەسەلەی ژن پێیان وابوو ئەو مەسەلانە لە کوردستان چارەسەر کراون و حکومەت کاری زۆری بۆ ژن کردووە[4]. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە هەڵوێستی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکەم کە بەشداری گفتوگۆکانی کرد و وەک وەڵامێ بۆ ئەو خانمانەی کە پێیان وابوو زۆر شت کراوە، ڕاستییەکی گرنگی درکاند و بە ڕاستگۆییەوە گووتی:(( ڕاستە حکومەت هەندێ شتی بۆ ژنان کردووە و هەندێ هەنگاو نراون، بەڵام لە حەقیقەتدا زۆر زۆر کەموکوڕی تر هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێن.)) دیارە ئەم گفتوگۆیانە ڕاستەوخۆیش لە کوردستان تیڤییەوە پەخش بوونەوە. بێگومان لەم دوو بۆچوونە سەرەوە بۆچوونەکەی سەرۆکی حکومەت تەواوە کە کەموکوڕی زۆرە و دەبێت چارەسەر بکرێت. بەڕێزی ئەگەرچی بەدرکاندنی ئەو ڕاستیە کەموکوڕی حکومەتەکەی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە مەسەلەی ژن، کە ئەمەڕەخنەلەخۆگرتنە و لای من لەو ڕووەوە جێی بایەخ بوو کە بۆ یەکەم جار بوو ببینم بەرپرسێک لە پلەی ئیداری و سیاسی ئەودا لە ناو کورددا ڕەخنە لە کاری خۆی بگرێت. بۆ ئەوەی ئەو کەموکورییەش قەرەبوو بکاتەوە ئامادەیی پیشان داوە و بەڵێنی داوە کە گۆڕانکاری دەست پێ بکات و پێشوازی هەر پرۆژەیەک بکات کە ڕەوشی ژن بەرەو پێشەوە دەبات. دوو مانگ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێپەڕیوە و ئەوەندەی من چاودێری بارودۆخی کوردستان دەکەم هێشتا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە. بەڵام وەک تیۆری لە پەیوەندی بە پرسی ژنەوە ئەم قسانەشی لەم یەک دوو مانگەدا کردووە:

- لە ڕۆژنامەی ڤەتەنی تورکی، لە چاوپێکەوتنێکدا کە ئەلیف ئورگو لە 2004/7/14 دائەنجامی داوە، خانمی ڕۆژنامەوان لێی دەپرسێ: "باوکت، مامت و خەزوورت تێکەڵ بە کاری سیاسین، هیچ ژنێک لە بنەماڵەی ئێوەدا نەهاتووەتە ناو سیاسەتەوە؟". نێچیرڤان بارزانی بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: " بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بم، نەخێر. یەکێک لە گەورەترین هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە ژنان بۆیان نەبووە بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی ببن. دایکم ژنێکی ڕۆشنبیرە و خەڵکی سلێمانیە، دوو زمان دەزانێت، بەڵام ژنی ماڵەوەیە. یەکێک لەو شتانەی کە من دەمەوێت

[4] بۆ ئاگاداری خوێنەر ئەوانەی کە هەڵوێستی وایان هەبوو بە پەنجەی دەست دەژمێردران، زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسایەتی و خەباتکاران پشتیوانییان لە داخوازینامەی ژنی کورد کرد. لەو ماوەیەدا کە لە کوردستان بووم و بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆنفرانسە هەوڵم دەداهەندێک هەڵوێست و دیاردەی سەیریش هاتنە ئاراوە کە جێگەی سەرسوڕمانی من بوون کە ئێرە بە جێگەیان نازانم بۆ باس کردن و ڕەنگە لە لێکۆڵینەوەی تردا ببن بە نموونەی زیندوو.

بیکەم کارکردنمە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنانی کورد، وەک چۆن ئێوە لە ڕێگەی مستەفا کەماڵەوە بەدەستتان هێنا. من دەمەوێ ژن بهێنمە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە." دیارە ئەو دیمانەیە دوورودرێژە و من تەنها ئەو پرسیار و وەڵامەم هێناوەتەوە کە تایبەتە بە پرسی ژن و هەڵوێستی سەرۆکی حکومەت. ئەو وەڵامەی سەرەوە بێجگە لەو دێڕەی کە خەتم بەژێریا هێناوە (پێم وایە پێویست نەبوو بکرێت)، ئەوانی دی قسەی جوانن و دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنانەیە کە لە دیدارەکەی هەولێریشدا بە ئێمەی دا. قسەیەکی تریش کە دیسان لەم ماوەیەدا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا کردوویەتی و سایتی پەیامنێریش بڵاوی کردەوە باسی لە دانانی وەزارەتێکی تایبەتی کردووە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بێگومان ئەوەش دەتوانێ یارمەتیدەر بێت.

بۆ ئەوەی هەڵوێستی سەرۆکی حکومەت لەبارەی کارکردن بۆ مەسەلەی ژن و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ژنانی کوردستان ڕۆشنتر بکەم، بە پێویستی دەزانم هەڵوێستەکەی، وتەکانی و بەڵێنەکانی باس بکەم کە لە دیداری یەکەممدا لەگەڵ بەڕێزی کە لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران لە 2004/6/18 دا لە گفتوگۆیەکی یەک کاتژمێرییدا، کە تایبەت بوو بە کێشەی ژن بە گشتی و پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد بە تایبەتی. دیارە ئەو بەڵێنانە بۆیە بە پێویست دەزانم دەریانبڕم، چونکە بەڵێنێکی گشتییە و لە لایەن ئەوەوە وەک سەرۆکی حکومەت بە ژنی کورد دراوە و پێویستە ئەو بەڵێنەبگاتەوە بە گوێی خۆیان.[5] بەڕێز نێچیرڤان بارزانی گووتی: ((من پشتیوانی لە مەسەلەی ژن دەکەم، دەزانم ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر چەوساوەیە و پێم خۆشە هەتا لەم جێگەیەدام بتوانم کارێکی باش بکەم و بارودۆخی ژنان لە کوردستاندا باشتر بێتەوە. ئەم کورسییەی من لەسەری دانیشتووم بۆ جوانی نییە و هەتاهەتاییش نییە،پێم خۆشە ئەو ماوەیەی کە من لەسەری دانیشتووم و خاوەنی دەسەڵاتم، گۆڕانی باش و ئیجابی لە کۆمەڵگەکەمدا بکەم. لە بارەی مەسەلەی ژنانیش، من بە تەواوی پشتگیری لە مەسەلەکەتان دەکەم و هەرچی بە من بکرێ دەیکەم. بەڵام زۆر گرنگە ژنان خۆیان پرۆژەیان هەبێت و بێن ڕێنومایییمان بکەن و پێمان بڵێن چی بکەین.))
خاڵێکی گرنگی تر کە لەو گفتوگۆیەماندا جێگەی ئاماژەپێدانە، باسێک دەربارەی فرەژنی کرا و من بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆم ڕوون پیشانی سەرۆکی حکومەت بدەم گووتم: (کاک نێچیرڤان، من پێش ئەوەی بێم بۆ لات پرسیارم کرد ئایا دوو ژنت هەیە یان هەر یەک، چونکە ئەگەر دوو ژنت هەبووایە قەت ئامادە نەبووم بێم بۆ لات.)، ئەوە هەڵوێستی من بوو، وەڵامی ئەویش بۆ من ئەوە بوو، گووتی:(من زۆر دژی فرەژنیم، یەکێک لە پاسەوانەکانم کە زۆر زۆر دڵسۆزیش بوو بۆ من،ماوەیەک مۆڵەتی وەرگرت و دیار نەما، دوای پرسیم بۆ کوێ چووە، گوتیان ئەوە ژنی

---

[5] من بۆ گەیاندنی ئەو هەڵوێست و بەڵێنانە پێشتریش لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و لە تیڤیدا باسم کردووە. مەبەستیشم لە باسکردنی ئەوەیە کە ژنانی کورد بیر لە پرۆژەی گرنگ بکەنەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژنان و داوا لە حکومەت بکەن بۆ پشتیوانیکردن و جێبەجێکردنی، چونکە بە پێی بەڵێنی خۆی پشتگیری ئەو هەنگاوانە دەکات.

هێناوە، ژنی تری هەبوو، چەند منداڵیشی هەبوو. گووتم بە هیچ شێوەیەک ئیتر نابێت لەگەڵ من کار بکات. ماوەیەک دوای ئەوە ژنی یەکەمی هاتبوو بۆ لام و تکای لێ دەکردم کە بیگەڕێنمەوە سەر کار، بەڵام من قبوڵم نەکرد.) بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی باشە و من بەرز دەینرخێنم. . بەڵام ئەوانەی کە تا ئێستا باسم کردن هەموویان هێشتا تیۆرین و پرسیار ئەوەیە کەی پراکتیزە دەکرێن؟؟ بۆ ئەوەی سەرەتایەک بۆ پراکتیزەکردنی داخوازیەکانی ژنی کورد و بەڵێنەکانی حکومەت لە ژن خۆیەوە هەڵقوڵێت، من پێشنیارەکانی خۆم بۆ حکومەت دەست پێدەکەم و ئەم هەڵوێستە پۆزەتیڤەی سەرۆکی حکومەتیش دەکەم بە سەرچاوە.

ڕەنگە ئەو پرسیارەش لە لای خوێنەر و ئەو کەسانەی کە بایەخیان بۆ پرسی ژن هەیە بێتە کایەوە و بپرسن بۆچی لە پەیوەندی بە داخوازینامەی ژنی کورددا تەنها ڕوو لە حکومەتی ئیدارەی هەولێر نراوە و چاوەڕوانیتان تەنها لە سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی هەولێرە کە داخوازییەکان جێبەجێ بکات؟

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، زیاتر لە هەموو بەرپرسانی تری هەردوو ئیدارە بایەخی بە پرۆژەکە دا و پێشوازی لێ کرد و بە کردەوەش کارئاسانی بۆ کردین بۆ گرتنی کۆنفرانسی هەولێر. هەروەها وەزارەتی ماف مرۆڤی هەولێر بە بەڕێز وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و هەموو کارمەندەکانییەوە هاوکارییان کرد و زۆربەی ئەرکی کۆنفرانسەکەیان لە ئەستۆ گرت، بڕێکیش لە ئەرکی کۆنفراسەکە کەوتە سەر وەزارەتی ماف مرۆڤ لە سلێمانی کە پێشتر لە چەند دیداردا جەنابی وەزیر بەڵێنی دابوو هاوکاری بکات و وەئەستۆی بگرن، بەڵام، لە جێگەی ئەو بەڕێز خاتوو کافیە سلێمان سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستان ئەرکەی وە ئەستۆی خۆیان گرت. ڕۆڵی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکەش کە پێکهاتبوون لە ژنانێکی چالاک کە نوێنەری ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و یەکێتی ژنانی کوردستان و سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان و ڕێکخراوی ژیانی نوێ و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنی بوون، جێگەی سوپاسە.

دوای ئەم پێشەکییە، دەمەوێ هەندێ پێشنیار بخەمە بەرچاو کە بە بڕوای من لە پراکتیکدا دەتوانن لە بەرەوپێشەوەبردنی ڕەوشی ژنان لە کوردستاندا سوودمەند بن. دیارە دوو مانگ ماوەیەکی زۆر نییە کە بەسەر پێشکەشکردنی داخوازینامەی ژنی کورددا تێپەڕیوە. بە پێی ئەو پێشوازییە گەرمەی سەرۆکی حکومەت، گەشبینم بەوەی کە لە ماوەی داهاتوودا پشتیوانی خۆی بۆ پرسی ژن بە کردەوە دەسەلمێنێ و بەڵێنی خۆی دەهێنێتە دی. پێشنیارەکان بۆ هەردوو ئیدارەی حکومەت و هەموو حیزبەکانی کوردستانن:

## پێشنیاری یەکەم

### (لە پێناوی نەهێشتنی دیاردەی فرەژنی، لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و لەناو حیزبەکاندا)

لەبەر ئەوەی نەریتی فرەژنی، دیاردەیەکە دژ بە پرنسیپەکانی ماف مرۆڤە. نەریتێکی قۆناغی کۆیلەیەتییە و پێگەی ژن لەناو پرۆسەی هاوسەرداری وادا پێگەی کۆیلەیەکە، پێگەی پیاویش هی خاوەندارێکە.

نەریتی فرەژنی زیاتر لە کلتووری خێڵدا برەوی هەیە، کە کلتوورێکی پاتریارکییە و لەسەر بنەمای هەڵاواردن و مرۆڤبینینیەکی نالۆژیکی بنیات نراوە. حیزبەکان و حکومەتی کوردستان وەک چۆن لە تیۆریدا وتاری دیموکراتیخوازانە دەدەن بە گوێماندا و باس لە کۆمەڵگەی کراوە و مەدەنی و مۆدێرن دەکەن، پێویستە بە کردەوەش ئەوە بسەلمێنن و ئەو نەریتانەی کە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پرنسیپەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا نایەتەوە، لەناو حیزبەکان و دەزگاکانی حکومەتدا ریشەکێشی بکەن. کە ئەمە خۆبەخۆ لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی ڕەنگ دەداتەوە و ئەو دیاردە دزێوانە ناهێڵێت.

پێویستە لەناودامۆزگای ولاتدا ئەم پێشێلکاری ماف مرۆڤە قەدەغە بکرێت. حکومەت، پەرلەمان و سەرکردایەتی حیزبی هاوچەرخ ناشێ وەرگری نۆرمەکانی سیستەمی باوکسالاری بن کە لەسەر بنەمای هەڵاوردن بنیاتنراوە. مەخابنە لەناو پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و حیزبەکانی کوردستاندا کەسانێ کە پەیرەوی ئەم نۆرمانە دەکەن، هەبن.

حکومەت و حیزبەکان دەتوانن لەم بارەیەوە چی بکەن؟ ئەوان ئەگەر بیانەوێ دەتوانن ئەم دیاردەیە بەرەو نەمان ببەن، بەوەی حیزبەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامیاندا هەبێت کە (پیاوی فرەژن) لە ڕیزەکانی خۆی وەرنەگرێت. هەروەها ئەگەر ئەندامی حیزب بوو ئەو کارەی کرد، دەستبەجێ دەربکرێت. بە هەمان شێوە ئەو ژنەی کە شوو بە پیاوێکی فرەژن دەکات لە ڕیزی حیزبەکانیان جێگەی نەکرێتەوە و دەربکرێت.
حکومەتیش بە هەمان شێوە، دەتوانێ بیکات بە مەرج ئەو کەسانەی پەیڕەوی ئەو نەریتە دەکەن (پیاو بن یان ژن):

- لەمەودوا لە هیچ دامودەزگایەکی دەوڵەتدا دانەمەزرێندرێن. ئەم مەرجە لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانەوە بیگرێتەوە تا دامودەزگا بچووکەکانیش.
- لە ئێستاشدا لە پۆستە باڵاکاندا بە تایبەتی دەسەڵاتیان لێ وەربگێرێتەوە.

دانانی یاسا و ڕێسای وا بەرهەڵستییەکی ئەوتۆش ناکرێت، چونکە ڕێژەی پەیڕەویکارانی نەریتی فرەژنی هێندەش زۆر نییە کە بەرهەڵستی جیددی دروست بکات. بەڵام هەنگاوێکی لەم جۆرە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەتوانێت ئەم نەریتە ڕیشەکێش بکات.

## بەڵگە نالۆژیکییەکانی نۆرمی فرەژنی:

دەبیستین زۆر جار پاساو  بۆ دیاردەی فرەژنی بەوە دەهێندرێتەوە لە لایەن نەریتخوازەکانی کۆمەڵگەوە کە چونکە ڕێژەی ژن لە پیاو زیاترە لە ولاتی ئێمەدا و بۆ ئەوەی ((گوایە!)) چارەسەری دیاردەیی قەیرەیی کچان بکرێت، دیاردەی فرەژنی بە باش ناودەبەن. هەشن پێیان وایە کە بەهۆی شەڕی درێژخایەن و ڕەوشی نالەباری کوردستانەوە ژنانێکی زۆر بێوەژن کەوتوون و  ئەنفالن و کۆڵێک منداڵیان بەسەرەوەیە، بۆیە ئاساییە کە پیاوێک چەند دانەیەک لەو بێوە ژنانە بخوازێت و منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات. لە دادگاکانیشدا ئەوەیان بە ئاسایی زانیوە کە ئەگەر پیاوێک ژنەکەی نەخۆش کەوت، مێردەکەی بۆی هەبێ ژنی دیکە بهێنێ و بە مەرجی ڕەزامەندی هاوسەری یەکەمی.

هەر بەڵگەیەکی لەو جۆرانە پاساون بۆ هێشتنەوەی نۆرمێک کە دژ بە بەرژەوەندی ژنن. نە دیاردەی قەیرەیی کچان بە فرەژنی چارەسەر دەبێت و، نە دیاردەی بێوەژن و ژنانی پاشماوەی کارەساتی ئەنفالی بەدناو بە مانەوەی نۆرمی فرەژنی چارەسەر دەبێت. خودی ئەو دیاردانە دەبێت بە بەرنامەوە لە لایەن حکومەتەوە چارەسەر بکرێن و بەشێک بن لە سیاسەتی کۆمەلایەتی ئەو ولاتە. حکومەتی کوردستان گرنگە لەمەودوا سیاسەتی کۆمەلایەتی، سیاسەتی کلتووری، سیاسەتی ئابووری هەبێت و بەرنامەی نەهێشتنی ئەم نەریتەو هەر نەریتێکی تر کە مافە مرۆڤایەتییەکانی ژنی تێدا پێشێل دەبێت، بکات بە بەشێک لەو سیاسەتە. نموونەی ئەو نەریتانەش ژنبەژن، گەورە بە بچووک، بنەتۆو، لەناو لانکە مارەکردن، خوێنخۆشکردن بە ژن، شیربایی و مارەیی ، خەتەنەکردنی کچان و هتد.

### پێشنیاری دووەم

### لە پێناوی نەهێشتنی دیاردەی (هەلاواردن،بەرتیلخواردن، واستە و ئاکاری لەم جۆرە)

دامەزراندنی دەزگای چاوەدێری یەکسانی و ماف، ئەم دەزگایە دەتوانێ سەر بە وەزارەتی ماف مرۆڤ بێت، یاخود دەزگایەکی تەواو سەربەخۆ بێت. ئەم دەزگایە ئەرکی چاودێریکردنی هەموو دامودەزگاکانی ولات بێت لەوەی ئایا:

- پەیڕەوی مافی مرۆڤی تێدا دەکرێت یان نا،
- هەلاواردن لە نێوان نێرومێدا دەکرێت یان نا،
- هەلاواردن لە نێوان هاولاتی هەژار و دەوڵەمەند دەکرێت یان نا،
- بەرتیلخواردن،ڕەشەخۆری و دواخستنی بەمەبەستی کاروباری خەڵک و، واستە و هتد.

لەم دەزگایەدا دەتوانرێ پسپۆرانی بواری ماف و یاسا، خەباتکارانی بواری مافی مرۆڤ، خەباتکارانی بواری مافی ژنان، کۆمیتەی تایبەتییان لەناو هەر یەک لە وەزارەتەکاندا هەبێت. هەروەها تیمی گەڕۆک پێک بهێنن و لەگەڵ فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی سەر بەو وەزارەتانە کۆببنەوە و سیمیناریان بۆ بگێڕن و لە کێشەکان بکۆڵنەوە و لەسەر پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ئیتیک و مورالی پیشەیی، یەکسانی و دادپەروەری و بەها مرۆییەکانی تر گفتوگۆ بکەن.

ئەم دەزگایە ساڵی دوو جار ئامار بکات تا بزانێ ڕێژەی ژن و پیاو لە دامودەزگاکاندا چەندە، بەشداری ژن لە چالاکییە کۆمەلایەتیی و کلتوورییەکاندا، چالاکییە ئابوورییەکان و چالاکییە سیاسییەکان دا چەندە. ئەگەر ڕێژەی بەشداری ژن لە بوارێکدا کەمە، لێبکۆڵێتەوە و بۆ فاکتەرەکانی بگەڕێت، لە ڕێگەی دۆزینەوەی هۆکارەکانەوە کار بۆ زیادکردنی ئەو ڕێژەیە بکات.

بەڵگەنەویستە کە ژنانی کوردستان لە بواری سیاسەتدا پەنجەژمێرێکن، لە بواری کلتووری و کۆمەلایەتی و ئابووریشدا ڕێژەیان زۆر کەمە. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەش ئاشکران. وەک چۆن هەلاواردنی نێگەتیف ڕۆڵی هەبووە لە ماڵیکردنی ژن، هەلاواردنی پۆزەتیف دەتوانێ ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی چالاککردن و بەکۆمەلایەتیکردنیدا. ئەم دەزگایە دەتوانێ پرۆژەی کۆمەلایەتی و کلتووری وای هەبێت کەبە میتودی هەلاواردنی پۆزەتیف ڕێگە بۆ بەشداریکردنی ژنان خۆش بکات. ئەم هەنگاوە لە سەرەتادا زۆر پێویستە، تا ئەو کاتەی ژنان دەکەونە سەر پێ و باوەڕیان بە تواناکانی خۆیان پتەو دەبێت.

دەزانرێت کە کلتووری باوکسالاری پەیرەیکراو چ گورزێکی کوشندەی لە ژن وەشاندووە و کاریگەری دەروونی لەسەر داناوە و باوەڕی بە تواناکانی خۆی پێ لەق کردووە. سیاسەتی کۆمەلایەتی و کلتووری حکومەتێکی مۆدێرن دەتوانێت بەرنامە بۆ گێڕانەوەی باوەڕی ژن بە خۆی، دابرێژێت، بەو مەرجەی داڕێژەری ئەو بەرنامەیە ژنان خۆیان بن.

## پێشنیاری سێیەم
## وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی

کێشەی سیاسی کورد چەند ئاڵۆز و ڕیشەدارە و چەند وزەی پێویستە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی، کێشە کۆمەلایەتیەکانیشمان هێندە زۆرن و ئاڵۆز و ڕیشەدارن و وزە و توانای فیکرییان پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

بە هەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە کاروباری کۆمەلایەتی و سیاسەتێکی کۆمەلایەتی بە میتودێکی عەقڵانی داڕێژراو، دەتوانرێت کێشە کۆمەلایەتییە تێکچڕژاوەکان لە یەکتری بترازرێنرێن و

هەریەکە و بەجیا لێیان بکۆڵدرێتەوە و، هۆکارەکانیان دەستنیشان بکرێت و، پسپۆران پێشنیاری چارەسەرییان بۆ بکەن و، لایەنی بەرپرس هەوڵی خستنەکاری پێشنیارە پەسەندکراوەکان بدات.

کارەساتە سیاسییەکان گرفتی کۆمەلایەتی زۆریان لێ کەوتۆتەوە، بۆ نموونە کارەساتی ئەنفال گرفتی کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی و کلتووریشی لێ کەوتۆتەوە. گرفتەکۆمەلایەتییەکانی خێزانەکانی پاشماوەی کارەساتی ئەنفالی بەدناو دەبێت بکەوێتە ناو ئەرکەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتییەوە. گرفتە دەروونی و ئابوورییەکانیان بکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی داراییەوە.

پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژی ژنان و بە تایبەتی خۆسوتاندن هۆکارەکەی گرفتی کۆمەلایەتییە بە پلەی یەکەم. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی ئەو کێشانە و بنبڕکردنیان ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی. دیاردەی خۆسوتاندن زیاتر لە لایەن ئەو ژنانەوە پەیڕەوی دەکرێن کە ئاستی هۆشیاری و خوێندەوارییان کەمە، بۆیە گرنگە بایەخ بە هۆشیاری کۆمەلایەتی ژنان بدرێت و ئاستی خوێندەواری ژنان بەرز بکرێتەوە.

هۆکارێکی تری خۆسووتاندنی ژنان ئەوەیە کە ڕقیان لە جەستەی خۆیان هەڵدەستێ بەهۆی ئەو فشارەی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و کلتووری باوکسالاری لەسەر جەستەی ئەو دایناوە. پێویستە بە ئامرازی هاوچەرخ ئەو تێڕوانینە فشارهێنە بۆ سەر ژن نەهێڵدرێ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت دەتوانن ئەو پەیامە ترسناکەی لە تێڕوانینی باودا هەیە لە سەر ژن بگۆڕن. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت پێویستە سیاسەتی کلتووری هەبێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکان پابەند بکرێن بە سیاسەتێکی کلتووری پێشکەوتنخواز و خاوەنی پەیامێکی مرۆڤانە و بە زمانێکی یەکسانیخوازانە ئەو پەیامانە بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سوود لە سیاسەتی کۆمەلایەتی، سیاسەتی کلتووری و سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتانی پێشکەوتوو ببینرێت.

دیارە پێشنیاری تر زۆرن و دەکرێ هەموومان لە پرۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگە و مۆدێرنیزەکردنی حکومەتی کوردستان و دامودەزگاکانی بەشداری بکەین و پێشنیارەکانمان بخەینە ڕوو. ئەم پێشنیارانە و لە داهاتووشدا پێشنیاری تر چ لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و چ لە ڕێگەی سەردان و دیدارەکانەوە، دەخەمە بەردەستی دەسەلاتدارانی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی و بەو هیوایەی ئەنجامەکانیان لە پراکتیکدا ببینین. دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بە بێ یەکسانی و دادپەروەری و بەشداری و کارایی ژنان دەبێتە مەحاڵ.

2004/09/13